دەمەوێ ڕێگەیی ڕزگاری تەخت بکرێ دەنا
تاکوونەسکۆیە برن، تاکووهەڵەنگوێن دەگریم
بەسییەتی دووبەرەکی ومل هوڕی یولاساری
تا برایانە هەموو پێکەوە نەدوێن دەگریم
( هێمن)

ڕۆڵی کوردستانپۆست چییە؟

ئەوە دەمێکە دەمەوێ کە دەستی پاڕانەوە وتەمەننا بۆ هەموو ئەویەڕێزانە کە دەنووسن و شێعردەڵێن درێژ بکەم ویە ڕیز وحورمەتەوە داویان لێبکەم کە سرنج بدەنە ڕۆڵی کوردستانپۆست و بە وردی بیری لێبکەنەوە و ئەوپرسیارە لە خۆ بکەن کە ئەرێ **کوردستانپۆست** بۆ شتێك بڵاو ناکاتەوە کە دۆزەرەوەی ڕێگا حەلێك بۆ ئەوگشتە گیر وگرفتانە بێ کە لە ئێستای کوردەواریدا دەستی دەتینتینۆکەی میللەتی ئێمە ناوە ،بێجگە لەو پەخشان ونووسراوە وشێعرانە وسروودانە یا خۆ جوابە جەنگییانەی کە دەنیوان نووسەران و دەست بە قەڵەمانی کورددا هەیە ،بۆ؟

وەرەن بابە وردی سەیری هەموو ئەویڵاوکراوانە بکەین کە لەڕۆژی هەوەڵی دامەزرانی کوردستانپۆست وە تا ئەوڕۆ ، ئەگەر باسی گیر وگرفتێك یا خود پێشنیارێك بۆ چارەسەر کردنی باسێکی کۆمەڵایەتی تێدا بوو من ئیمان بە کوردستانپۆست دێنم ،جگە لە باوەشێن کردنی ئاوری دووبەرەکی وئاوردووهێنان بۆ ئەوئاورە.بە بێ یەك ودوو هەر لە هەوڵی لاپەڕەیەوە تا دوایین دێڕی هەر جوابە جەنگی ئەم وئەوە سەرپاکیشیان هەموو گیر وگرفتی شەخسی وتاکە کەسین نەك جێوازی دە بیر وباوەڕ بۆ چارە سەرکردنێك لە مەڕ گیر وگرفتی کۆمەڵایەتی یان خۆ دامەزراندنی باس وخواسێك کە دوو پەنابادی سووتاوی بۆ میللەتی کورد تێدا بێ ، پێش دامەزراندی کوردستانپۆست لانیکەم نێوان ناخۆشی شەخسی لە نێوان دوو نووسەر دا هەر خۆیان نووسەرەکان دەیانزانی بەڵام بەداخەوە ئێستا بە یارمەتی کوردستانپۆست شتەکە بۆتە گیر وگرفتێکی کۆمەڵایەتی کورد وهیچ لەو بەڕێزانە لە بەر جوابە جەنگی شەخسی ناپژێنە سەر دۆزینەوە ی دەرمانێك بۆ ئەوگشتە دەردە کوردە کە میللەتی ئێمەی تووشی هاتووە .تەنانەت ئەونووسەرە بەڕێزانە کەوشەنی تاکە

کسیشیان بەزاندووە و هیچیان بۆ یەکدتری تێدا نەهێشتۆتەوە ،لانیکەم دواڕۆژێك بتوانن سلاَوی سەر ڕێ لەیەك بکەن واتە هەر بە تەواوی بۆنەتە دوژمنی یەکتری کە دووکەڵی ئەو ئاورەش بەر لە هەموو کەسێك چاوی خۆیان دەبرژێنێتەوە وپاشانیش دەبتە داب ونەریتی ناپیرۆز دە نێو ریزی نووسەرانی لاو ودوا ڕۆژی گەلەکەمان داکە دە ئاکامدا تەنیا وتەنیا دەبتە دەستەواژەیەك بە دەست ناحەزانی کورد وە،ئەو خالە کزانەی کە ئێمە نازانین چەندە ڕاستن یا خۆ درۆن ( هەر دایدەنێن ڕاستن) کە دەکوردستانپۆستدا لەسەر یەکتری دەنووسن دەبنە هۆی ورد بوون وتێکشانی ڕووناکبیرانی میللەتەکامەن ، لێگەڕێن با ئەولێکدەرکردنە هەر بە نووسین و بلاَوۆکە دەنێوان ئێوەی بەڕێزدا وەك چۆن شەخسین ئاواش شەخسی دەهات وچۆ دابن نەك بیانهێننە سەر تۆڕی ئینتەرنێت وهەوادارن وداشدارانی ئێوە لێر ولەوێ لەسەر وەیکە کامتان چیتان بەکامتان گوتووە نێوان ناخۆشییان لێپەیدا بێ ودە ئاکامدا ڕیزی یەکبوون ویەکگرتوویی گەلەکەمانهەروا بە لەق وتەقی بمێنێتەوە و تێکبدا ،کە کورد دە هەل ومەرجی ئێستای کوردەواریدا لە نان وئاویش پتر پێویستێتی بە یەکگرتوویی هەیە .بە درێژایی مێژوو نووسەر وشاعیر ئەگەر ڕۆڵی حیزب وڕێکخراوەیان نەبووێ ،ڕۆڵێکی کەمتر لە ئەوانیشیان نەبووە ،وەك چون  حیزب وڕێکخراوە هەوادار وداشدارێیان هەیە کە دەتوانێ دە بەسەرهاتی گەلێکدا یان خۆ ولاَتێکدا شوێنەواری بێ ،نووسەریش هەر دە گۆڕە پانی ولاَتێکدا یان دەریزی میللەتێکدا هەرئەوشوێنەوارەی هەیە، جا ئێمە وەك میللەتێك کە بە درێژایی مێژوونالێم هەرهەموو( ڕێبەران)، بەلاَم بوومانە هێندێك لە ڕێبەران هەرتاقمێکمانیان کردۆتە گۆپالَ ودەسەر تاقمێکی دی خۆمانیان کوتاوە ئەویش بە فیت و فاکی داگیرکەران و بە مەبەستی تێکدان ولە ئارا بردی یەکێتی کوردبووە و پاراستنی ئاغایەتی وسەروەری خۆیان، جا ئەوکارە دزێوانەی کە بریتی بن لەئاوری دوویەرەکی کردنەوە وخۆش کردنی لە لایەن دوژمنانی گەلەکەمان یان وەك پیل دەقوڵی تاقمێك کوردی لە سەرەوە یار ولەبنەوە نەیارهەڵکێشرابوو و هەڵکێشراوە ،یان کە بە پارە دووزبان ساز کردن وقسە هێنەرو بەر بووە یان چەك وچۆلَ.خۆ دەنا لە هیچکوێ دونیا دا هیچ میللەتێك یەکدەست ویەکبیر وباوەڕ نەبووە وناشبێ و دەیان بیر وباوڕ وبوون بووچون دەنێوان میللەتاندا هەبووە ودەشبێ و ئێمەش یەکێك لە وهەمووانەین . بەلاَم گەلانی دی بە هەر بیر وباوەر ودین وئیدئۆلۆژێك کە بوون وهەن لەسەر وەیکە هە رهەموو وەك یەك دەرگا لە دەوری لاولاوەیەك دەسوورێن ،ئەویش تایبەتمەندی نەتەوایەتی یانە کە لە کن ئێمە ( کورد ) بوونە .جا مەبەست ئەوەیکە ئیمە وەك میللەتی کورد هەر کەس بە نێوی کورد یان دۆستی کورد کە هات ودەنێوماندا گەرای دانا وقسەی منی بۆ تۆو ئی تۆی بۆ من گێڕاوە ویە ناوی سایتی ئازاد ویێ لایەن وسەر بە خۆهەرچی سووکایەتی یە بە کورد وکوردایەتی کردوەە

ودەداهاتووش بێ شك هەر دەیكا و چەلەنگێكی بێنزین بەدەستەوە گرتووە دەگەڵ قوتێك شەمچە كە خەریكە ئاوری دووبەرەكی لێرولەوێ دەكاتەوە وزۆر بە دەست ودڵكراوەییەوە نووسراوەكانتان بڵاودەكاتەوە پێتان وانبێ كە ئەوماستە بێ مووبێ و ئەوقاپە ژێری بێ پێاڵە بێ و ( دلزار) ێك هەبێش ئەوتۆ ئەی ڕەقیب ێك بلێ .ودەجوابی ڕەخنەگراندیشدا ( وەكیل)(محامی) ێكەی كوردستانپۆست بێ .بەڕێوەبەرانی بەڕێزی
كوردستانپۆست هەر ئەوانەن كە دژ بە پاڕلمان وەستابوون ووەستاون، دژ بە فیدڕاڵ بوون وهەن ،.جا ئەو بەڕێزانە دەمێك بە ناوی گۆڕكەناو( موستەعار) دەمێك بە ناوی سایتی هەڵوێست دێنە گۆڕێ وبە دامەزراندی پرسیاری وەك ( پارتی ویەكێتی شەریان دەبێتەوە ) یان خۆ كوردستان پێوێستی بەزلڕێكخراوێكی دی هەیە ) ویا لەو بابەتە پرسیارانە ، ئەوەش بەو مانایە نییە كە دلێ بە كوردودوا ڕۆژی كورد دەسووتێ ،بەڵكوو بۆ ساز كردنی دووبەرەكی دەنێوان خاوەن ولامی وەك ( بەلێ یان نەخێر) دایە .چون پێیان وایە كە كوردی بێدەرەتان دووبەرەكی كەمە و با شتێكی بۆ ساز كەین .من بەڕێوەبەرانی بەڕێزی كوردستانپۆست تەنیا دەگەڵ (حیزبی كۆمینیستی كارەگەر) ێكەی مەشەدی مەنسووری حیكمەت هەڵدەسنگێنم ، كە دەقاو دەق ئەو ڕێبازەیان گرتۆتە بەر جا یان لەوانیان تێكەڵە، یان لاسای ئەوان دەكەنەوە كە دیمان چۆن گەرای نەكبەتیان دە نێوان كوردی ڕۆژهەلات دا دانا كە لە پاش وەفاتیشی تۆخم وتۆرەمەو دەروێشەكانی هەر خەریكی دوویەرەكی ساز كردن وسووكایەتی بە كورد وتایبەتمەندێكانی كوردن .كە دووزبانی ونێوان تێكدەری وكورد پێسووك یان كردۆتە پیشەی خۆیان و پیلی داگیركەرانیان دەقۆلێ كڕاسەكەیان كردووەوبنێشتی فرێدراوی زاریان دەجوونەوە دەقیقەن جوابی سایتی (هەڵوێست) بۆ ئەوانەی كە ڕەخنەیان لە سایتی كوردستانپۆست گرتبوو لە مەڕ بڵاوكردنەوەی سروودی بە ناو(ئەی ڕەقیب ) كە دەوێدا ڕێزدانان بۆ تایمەندێكانی گەلێك بە ( تەقەدوس پەرەستی مەزهەبی ) داندەنێ خوتبەكانی مەنسووری حیكمەتمان وەبیر دێنێەتەوە، یادی بە خێر مەشەدی مەنسووری حیكمەتیش هەر بەو زبانە هاتە نێو ڕیزی كۆمەڵە ی شۆڕشگێری زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران كە هەموو ئاكامەكەشی دەزانین ، كە ئەو بنكۆڵییەی مەنسووری حیكمەت وەك یاری كورد كردی بە هەر چوار دەوڵەتی داگیر كەری كوردستان تا ئێستێ نەیانتوانیوە لە هیچكام لەو ڕێكخراوە كوردیانە ی بكەن كە لە هەر چوار لەتی كوردستان خەریكی شۆڕشن ، داروەدەستەی حیكمەتیش هەر وەك سایتی كوردستانپۆست وسایتی هەڵوێست هەر سەری بە كەلێن وقوژبنی دلێ ئەم وئەو داگرت كە بزانێ كێ لەسەر كێ چی هەیە تا بۆی گەورە بكاتەوە ومەرگە موشیان بۆ لێبداو دەرخواردی یەكتریان بدا كە هەردوولایەن با پێی بمرن با لە كن

کورد وڕێکخراوەکان سووك بن (از هرطرف که کشته شود به نفع اسلام است) .دەردی دلّم کە دەردە

کوردە زۆرن بەڵام هەموو شت نە بۆ نووسین دەبن نە بۆ گووتن هەر بەولاوێچە لە دەریایەك خۆم ڕازی

دەکەم .دەدواییدا جارێکی دیش دەستی تەمەننا وپاڕانەوە درێژ دەکەم بۆهەموو ئەویەڕێزانە کە خەریکی جوابە

جەنگی شەخسین دە کوردستانپۆست دا دەست لەو دوویەرەکێ بێ ئاکامە هەڵگرن کە هیچی بۆ کورد

وکوردەواری تێدا نییە و بیانووی ساز کردنی شەڕو نێوان ناخۆشیش لە کوردستانپۆست ببڕن تا ئەو نێوان

ناخۆشیانەیان لێنەکردوون بە شەڕەگەڕەك.بەڵام لە بڵاوکردنەوەی بیر ویۆچوونتان لەسەربە هێزکردنی

یەکگرتوویی گەلەکەمان ساتێك وچان مەدەن وگیر وگرفتەکانی کۆمەلگای کوردەواری زەق بکەنەوە و

دەرخۆنەیان لەسەر لادەن وڕێگا ی چارە سەریان بۆ پێشنیار بکەن چوون چەند عەقلّ لە عەقلێك چارەسازترە

وپلوڕالیزمی فکری باشترین دەرمانی نەخۆشی کۆمەڵایەتییە نەك دژە بەری شەخسی . هەرسەرکەوتووبن

بەرێزو حورمەتەوە خەمین٢٩-٩-٢٠٠٤